ئافرەتێکی رزگاربووی ئەنفال:

# زۆر کچی بێتاوان دوای رزگاربوون لە دۆزەخی ئەنفال تووشی دۆزەخی ناتۆرەی کۆمەڵگە بوون



رژێمی رووخاوی بەعس لە پاش ئەنفالی بارزانییەکان، شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفالی رووبەڕووی خەڵکی وڵاتپارێزی گەرمیان کردەوە. ئەو تاوانە دڕندانە و دژی مرۆڤایەتییە سەدان دایکی جەرگسووتاو و هەزاران ئافرەتی بێ هاوسەر و بێ باوك و برا کرد. کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی لە دۆزەخی ئەنفال رزگاریان بوو، جگە لەوەی بەردەوام و تا هەنووکە لە چاوەڕوانیی کەسوکاریاندا دەژین، کۆمەڵێك ئاریشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بەرۆکیانی گرتووە، بەتایبەتی ئەو کچانەی کە لە کوشتارگەکانی ئەنفال رزگاریان بووە. یەکێك لەو ئافرەتانە کە لە کاتی ئەنفالدا تەمەنی تەنیا دە ساڵ بووە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**کچانی رزگاربوو لە دەستی درندەکانی سوپای بەعسی، هاوتای کچانی رزگاربوو لە دەستی تیرۆریستە درندەکانی داعش کێشەی زۆر گەورەی تایبەت بە خۆیان هەیە**

**سەرەرای قوربانیبوونیان بە هۆی جۆری مامەڵە و رەفتاری نامرۆڤانەی دوژمنانیان، کەچی کۆمەڵگە لە بری ئەوەی ئامێزیان بۆ بکاتەوە هەتا برینەکانیان سارێژ بێت، زۆر جار برینداریان دەکات**

**کچان و ژنانی گەنج دەستدرێژی دەکرایە سەریان و هەندێکیان خۆیان دەکوشت. بۆیە برینی ئەنفال و ئازارەکانی تا کۆتایی ژیانمان نابرێتەوە**

سەرگوڵ تەها، ئافرەتێکی تەمەن ٤١ ساڵان و دایکی دوو منداڵە، وەك خۆی باسی دەكات هێشتا تەمەنی لە دە ساڵ تێنەپەڕیبوو، کە هەموو خێزانەکەیان بەر پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کەوتوون. دواتر باوك و براکانی جیا کراوەنەتەوە و تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە.

سەبارەت بە مەینەتی و کێشە و گرفتی کەسوکاری ئەنفالکراوان قسەی زۆر کراوە، لە زۆر راپۆرتی مەیدانیشدا هەموو دیمەنە دڵتەزێنەکانی ناو گرتووخانەکان و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان وێنا کراون، بەڵام وەك سەرگوڵ تەها دەڵێت: «کچانی رزگاربوو لە دەستی دڕندەکانی سوپای بەعسی، هاوتای کچانی رزگاربوو لە دەستی تیرۆریستە دڕندەکانی داعش کێشەی زۆر گەورەی تایبەت بە خۆیان هەیە. چونکە سەرەڕای قوربانیبوونیان بە هۆی جۆری مامەڵە و رەفتاری نامرۆڤانەی دوژمنانیان، کەچی کۆمەڵگە لە بری ئەوەی ئامێزیان بۆ بکاتەوە هەتا برینەکانیان سارێژ بێت، زۆر جار برینداریان دەکەن.»

سەرگوڵ ناخی پڕە لە ئازار و کاتێك باسی بەسەرهاتی خۆی و کەسوکاری دەكات، چاوی دەبێتە کانیاوی فرمێسك و هەنیسکی گریان قسەکانی پێ دەبڕێت. ئەو یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتەی کە بەر تاوانە گەورەکەی «رژێمی لە گۆڕنراوی بەعس» کەوتووە، بەمجۆرەش باسی ژیانی خۆی دەكات:

«من دوا منداڵی خێزانەکەمان بووم. تەمەنم هێشتا دەساڵی پڕ نەکردبوو، ئەنفالچییەکان خۆم و هەموو خێزانەکەمیان گرت و رەوانەی (سمود) یان کردین، لەوێ پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە، باوکم و سێ برای منیشیان برد، کە تا ئێستاش نازانین تەرمەکانیان لە کام گۆڕی بەکۆمەڵە، ئافرەتەکانیشیان لەگەڵ پیاوانی پیر و بەساڵاچوو بەرەو (نوگرە سەلمان) نارد. سەیارەی گەورەی بارهەڵگری سەربازی کە «ئیڤا»یان پێ دەگوت، پڕ دەکرا لە خێزانی کورد و بە پیر و گەنج و ژن و پیاو و منداڵ لە گوندەکان بار دەکران و گوندەکانیشان دەسووتاند و بە شۆفڵ وێرانیان دەکرد. لە نوگرە سەلمان ئەوەی بە لێدان دەکوژرا و ئەوەی لە بەر نەخۆشی کۆچی دوایی دەکرد، تەرمەکانیان دەبوونە خۆراکی سەگە هارەکان، باری تەندروستی و خۆراك زۆر خراپ بوو. ئەوە جگە لەوەی کە کچان و ژنانی گەنج دەستدرێژی دەکرایە سەریان و هەندێکیان خۆیان دەکوشت. بەڕاستی برینی ئەنفال و ئازارەکانی تا کۆتایی ژیانمان نابرێتەوە.

دوای دەرچوونی لێبووردنی گشتی بە وەجبە بەرمانیان دەدا. بەڵام دوای رزگاربوونیشمان لەو دۆزەخە، تازە کێشەکان دەستیان پێدەکرد، من و دایکم و خوشکێکم بە تەنیا ماینەوە، سەرپەرشتی خێزانمان نەمابوو، ناچار بووین خۆمان نانی خۆمان پەیدا بکەین. ژیانێکی زۆر ناخۆشمان هەبوو. لە خوێندن دابڕابووین و وەك کوڕان کارمان دەکرد. دایکیشم نەخۆش بوو. ئازاری زۆری بینیبوو، تەواو لاواز ببوو. بە هەزار مەینەتی بژیوی خۆمان دابین دەکرد. دوای شەش ساڵ پێموایە ساڵی ١٩٩٤بوو، خوازبێنیم بۆ هات و مێردم کرد، هێشتا تەمەنم نەبوو بە بیست ساڵ، بوومە دایکی دوو منداڵ، بەڵام ماڵە خەزوورانم لە نوگرە سەلمان خراپتر بوو بۆ من. بەردەوام ناوناتۆرە و سووکایەتی بوو. تەنیا خەزوورم حورمەتی دەگرتم، ئەویش بەختە رەشەکەی من تازە بووك بووم کۆچی دوایی کرد. دوای کۆچی خەزوورم، خەسووم و دشەکانم بەردەوام سووکایەتییان پێ دەکردم، بە پاشماوەی بەعس ناویان دەبردم، لە حاڵێکدا من ئەو کات هێشتا تەمەنم دە ساڵان نەبوو کە ئەنفال کراین، مێردەکەشم دوای دوو منداڵ ژنی بەسەردا هێنام، زۆری لێ دەدام و بە چاوی سووك سەیری دەکردم، بۆیە ناچار جیابوومەوە. تا نزیکەی پازدە ساڵ لە دیداری دوو کوڕەکەم بێبەش بووم، دوای ئەوە جار و بار دەهاتن بۆ لام، زۆر جاریش بە دزی باوکیانەوە سەردانیان دەکردم، بەڵام ئێستا ئەوان گەورە بوون و دەزانن باوکیان چەند غەدری لە من کردووە. هەر دووکیان بۆ هەمیشە هاتووەنەتە لای خۆم و تەنیا جاروبار سەردانی باوکیان دەکەن. بەڕاستی من و زۆر کچی وەك من بێتاوان دوای رزگاربوون لە دۆزەخی ئەنفال تووشی دۆزەخی ناتۆرەی کۆمەڵگە بووین.»

بەسەرهاتی سەرگوڵ مشتێکە لە خەروارێك ئاریشەی کەسوکاری ئەنفالکراوان، بۆیە هەست بەوە دەکەین دوای پتر لە سێ دەیە لە کارەساتی گەورە و تاوانی دژی مرۆڤایەتی «ئەنفال»ی بەدناو، کە لە دژی پێناسەی نەتەوەیی کوردی بێتاوان و ئاشتیخواز ئەنجام درا، هێشتا برینەکانی ئەو زامە قووڵە سارێژ نەبوون و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و بەتایبەتی ئافرەتانی قوربانیی دەستی ئەو تاوانە نەگریسە، تا هەنوکەش بە فرمێسك چیرۆکی ئازاری ژیان و چاوەڕوانییە تاقەتبڕەکەیان دەگێڕنەوە.

ئەو کچانەی بە ئاواتی باوەشکردنەوەن بۆ ئامێزی باوکانەی باوك و برای ئەنفالکراویان،

یـان ئـەو هاوسـەرانەی کـە تـا ئێسـتاش بـە هـەر تەقەیەکـی دەرگـەی ماڵەکەیـان، بەگـوڕ و تیـن و بەپەلـە، دەلاقـەی دەرگـەی خانووەکەیـان دەخەنـە سەرپشـت، بـۆ ئـەوەی هەواڵێکـی هاوسـەری بێسەروشـوێنکراویان دەست بکەوێت، ژمارەیـان کـەم نییـە، چونکـە ئـەوەی لـە پرۆسـەی ئەنفالـدا رووی دا، تەنیـا هەوڵێـك نەبـووە بـۆ لەناوبـردن و کوشـتنی دانیشـتووانی دەڤەرێـك، بەڵکـو هەوڵێـك بـووە بـۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەواویەتی گەلی کورد، بۆیە چووەتـە خانـەی جینۆسـاید و لـە ئاسـتی جیهانیـدا ئیدانـە و پرۆتسـتۆ کـراوە، لـە هەلومەرجی ئێستاشدا کەسوکاری قوربانییانـی شاڵاوەکانی ئەنفال، وێڕای هەمـوو مەینەتییەکانیـان، وەك پێویسـت ئاوڕیـان لـێ نەدراوەتـەوە.

ئافـرەت و منداڵانـی کـوردی ئەنفالکـراو دوای گێڕانەوەیـان و نیشـتەجێکردنی زۆرەملێیـان لـە ئـۆردوگاکان لەلایـەن رژێمـی بەعسـەوە، خۆیـان لـە جۆرێك زیندانـی دیکـەدا بینییـەوە، بـە بـێ هاوسـەر و خێزان و بنەماڵـە و زۆربەیـان بـە منداڵـی تەمەنـی بچووکـەوە ناچار بـوون بژێوی ژیانـی خۆیـان دابیـن بکـەن، زۆر لـە دایکانیـش کـە بـێ هاوسـەر کرابـوون، ناچـار بـوون رۆڵـی باوکیـش ببینـن و بـە بـێ هیـچ پشـتیوانێك بژێوی منداڵەکانیان دابیـن بکـەن، هەمـوو ئەوانـەش کـە کەسـوکاریان بێسەروشـوێن کـران، ترسـی گـەورەی نەبینینەوەیـان هەبـووە و هەمیشـە ئـەو ترسـە بـاری دەروونییانـی تێکـداوە. چاودێـران و چالاکانـی مەدەنـی زۆر جـار جەختیـان لـەوە کردووەتـەوە کـە تاوەکـو ئێسـتا بـۆ قوربانیانـی کیمیابارانـی هەڵەبجـە و ئەنفالـی گەرمیـان و بارزانییـەکان و قوربانییانـی دیکـەی جەنـگ و توندوتیـژی لـە سەرانسـەری هەرێمـی کوردسـتان چارەسـەرێکی دەروونـی و کۆمەڵایەتیـی دروسـت و زانسـتییان بـۆ نەکـراوە و هێشـتا لەژێـر ئاسـەواری توندوتیژییەکانـدا نـەوە لـە دوای نـەوە دەناڵێنـن.

پرۆسـەی ئەنفـال لـە **٢٣**ی شـوباتی **١٩٨٨** دەسـتی پێکـرد و لـە (٦) ناوچـەی جوگرافـی باشـووری کوردسـتان و بـە (٨) قۆنـاغ ئەنجام دران، سـەرجەم قۆناغەکانیـش لـە **٦**ی ئەیلوولـی **١٩٨٨** کۆتایـی هـات، ئـەم شاڵاوە بـووە هـۆی وێرانکردنـی نزیکـەی (٤) هـەزار گونـدو، (٤) قـەزا، (٣٠) ناحیـەو، (٣١٠٠) مزگـەوتو (١٠٠) کڵێسـا، لـە رووی ئاژەڵدارییـەوە بـووە هـۆی بەتاڵانبردنـی (٢)ملیـۆن سـەر مـەڕو مـاڵاتو ئـاژەڵ و زیانـی زۆری مرۆیـی و ژینگەییشـی لێکەوتـەوە. واتـە جگـە لـە قوربانیکردنـی مرۆیـی، کارەسـاتێکی ژینگەیـی ئایکۆلۆژیـی گـەورەش بـوو، کـە بـووە هـۆی شـێواندنی رواڵەتـی گیانـداری و رووەکـی لـە ناوچەکـەو بـووە هـۆی لەناوبردنـی رووبەرێکـی فـراوان لـە بـاخ و رەزو چـەم و دارسـتان و هاوسـەنگیی ژینگـەی لاسـەنگ کـرد.

**ماڵە خەزوورانم لە نوگرە سەلمان خراپتر بوو بۆ من. بەردەوام ناوناتۆرە و سووکایەتی بوو. تەنیا خەزوورم حورمەتی دەگرتم، ئەویش بەختە رەشەکەی من تازە بووک بووم کۆچی دوایی کرد**

**خەسووم و دشەکانم بەردەوام سووکایەتییان پێ دەکردم، بە پاشماوەی بەعس ناویان دەبردم، لە حاڵێکدا من ئەو کات هێشتا تەمەنم دەساڵان نەبوو کە ئەنفال کراین**



# سیستمی خوێندنی ئینگلیزی لە قوتابخانە حکوومییەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

ماوەی چوار ساڵە سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی لە زۆربەی قوتابخانە حکوومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم پەیڕەو دەکرێت، سەرەتا لە سنووری شاری هەولێر ١٠٠ قوتابخانە وەکو نموونە تێستی لەسەر کرا، ئێستاش قۆناغ بە قۆناغ ساڵانە چەند قوتابخانەیەك دەکرێتە هەمان سیستەم، ئەگەرچی ئەم سیستمە بە بۆچوونی وەزارەتی پەروەردە لە تێستکردندا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە هەندێك قوتابخانە بەهۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ و تایبەتمەند شکستی هێناوە. تەنانەت لە هەندێك لەو قوتابخانانە ئەو سیستمە هەڵپەسێردراوە، مامۆستایەکی زانکۆش رایوایە ئەگەرچی زمانی ئینگلیزی زمانی زانستە و سەرچاوەی زۆرە، بەڵام لە پاڵ ئەودا پێویستە بەهایەکی تەواو بدرێتە زمانی کوردی و کۆمەڵێك وانەی دیکە بە زمانی کوردی بخوێندرێن، مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتیش بەپێویستی دەزانێت منداڵی کورد نەبێت بە ئامێر و تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





«ئەم سیستەمە ئینگلیزییە لە قوتابخانەی حکوومی زۆر باشە بۆ هەژاران و هیوادارم حکومەت هاوکاری زیاتریان بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر ئەم سیستەمە و منداڵەکانی ئێمەش وەك منداڵی دەوڵەمەندەکان فێری ئینگلیزی بن.»

ئەوە قسەی تریسکە سەلام بوو. وەك خۆی باسیکرد دایکی دوو قوتابییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە : منداڵی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت زۆرینەیان لە قوتابخانە حکوومیەکان دەخوێنن و ناتوانن برۆنە قوتابخانەی ئەهلی، بۆیە سیستمی ئینگلیزی لە قوتابخانەی حکوومی سوودی زۆری هەیە.» گوتیشی: «دوو منداڵم قوتابین و ئەگەرچی من زۆر لەگەڵیان ماندووم، بەڵام تا ئاستێکی باش سوودیان لەم سیستەمە وەرگرتووە.»

روان نازم دایکێکی دیکەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کچەکەم لە قوتابخانەی ئینگلیزی بوو، پۆلی یەکی زۆر بە زەحمەت بڕی، چونکە مامۆستاکانیان لە ئاستی فێرکردنیان نەبوون، کە بووە پۆلی دوو بە ناچاری گواستمەوە قوتابخانەیەکی کوردی، بەداخەوە لە کوردستان سیستەمی باش هاوردە دەکرێت، بێ ئەوەی پێشتر زەمینەسازی بۆ کرابێت و ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەو سیستەمە رەخسابێت، واتا پەیڕەو و پڕۆگرامی پێشکەوتوو دێننە کوردستان و بێئاگان لەوەی ئێمە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ئاستە، یان راهێنەرەکان لەو ئاستەدا نین.»

بەهزاد تاهیر، مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات: «تایبەتمەندیی سیستەمی پەروەردەیی کارامە لە هەر وڵاتێك بریتییە لە بەکارهێنانی پڕۆگرام و بەرنامەیەکی ستراتیژی وەکو پرۆسەیەکی بەردەوام و بە لەبەرچاوگرتنی واقیع و بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەکارهێنانی رێگا و تەکنیکی کارامە بۆ گەیشتن بە ئایندەیەکی باشتر. لەو جۆرە بەرنامەڕێژییەدا پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەوانەی کە دەتوانن رۆڵی کاریگەریان هەبێت لە دارشتنی بەرنامەکە، دەبێ بەشدار بن بۆ دۆزینەوەی کەموکورتییەکان و گونجاندن و چاکترکردنی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی کە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دادەڕێژدرێت.» هاوکات دەڵێت: «ئەو سیستەمەی کە ئێستا لە قوتابخانە حکوومییە نموونەییەکان دەخوێندرێت و جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بێت و راوێژی تەواوی بۆ کرابێت و کۆمەڵێ پێداچوونەوە و گۆڕانکاری تێدا بکرێت بە گوێرەی کولتوور و دابونەریتی کوردەواری ئەوا بە رای من شتێکی باشە و سوودی زۆری دەبێت، چونکە خوێندنی وانە سەرەکییەکانی وەکو بیرکاری و زانست بە زمانی ئینگلیزی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی قوتابیان و زانستخوازانی ئێمە هەردەم لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژی بن و بێئاگا نەبن لەوەی کە لە جیهانی زانستی ئەمڕۆدا دەگوزەرێت، بەتایبەتی ئێمەی کورد کە گەلێکی ژێردەست بووین و تاکو ئێستاش نەبووینەتە خاوەنی کتێبخانەیەکی تەواو نەك لە بوارە زانستییەکان، بگرە تاکو ئێستا خاوەنی زمانێکی یەکگرتووش نین. تا ئەو کاتەی کە ببین بە خاوەنی کتێبخانەیەکی تا رادەیەك گونجاو بۆ لایەنی پەروەردەیی منداڵ ئەوا گونجاوە و دەبێت کە گرنگی بدرێت بە زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی زانست لە قوتابخانەکان و ئەمە لە هەموو وڵاتێك هەیە، چونکە زمانی ئینگلیزی بریتییە لە زمانی زانست و سەرچاوەی زۆرە. بەڵام لە پاڵ ئەمەدا دەبێ بەهایەکی تەواو بدرێتە زمانی کوردی و کۆمەڵێك وانەی دیکە بە زمانی کوردی بخوێندرێن. لەم سەردەمەدا زمانی خوێندن و پەروەردە زمانێکی جیهانییە و جیهان بچووك بۆتەوە بە هۆی ئامێرەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیا، لەم جیهانەدا ئەو کەسە براوەیە و دەتوانێت زۆرترین زانیاری بە دەست بێنێت کە زۆرترین زمان بزانێت. لەو سەردەمەدا قوتابی پێویستی بە مامۆستا نییە ئەگەر زمانێکی بیانی و بە تایبەت ئینگلیزی بزانێت و دەتوانێت بە گەڕانێك لە ئەنتەرنێتدا وەڵامی هەر پرسیارێکی دەست بکەوێت. بە نموونە ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە زۆر گرنگییان نەداوە بە زمانە بیانییەکان، دەبینین نەیانتوانیوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی دەرەوەی خۆیان برۆن و چەند هەنگاوێك لە دواوەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانن و ئەگەریش لە چەند بوارێکدا باش بن، ئەوا لە زۆر بواری دیکەدا لە دواوەن.»

خەلیل پاڵانی، مامۆستایە لە مەخموور و ئاماژە بەوە دەکات کە «بازنەی یەك کە هەریەکە لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، ئەو قۆناغەی خوێندن بناغەیەکە بۆ لێڕاهێنانی منداڵان لە ناسین و نووسین و خوێندنەوەی پیت و دواتریش لێکدانی پیتەکان و دروستکردنی وشە و رستە، بەمەش لەم تەمەنەدا مێشکی منداڵ هەر ئەوەندە وەردەگرێت و ئەویش بە زمانی دایك بخوێنێ. بەئینگلیزیکردنی بیرکاری و زانست، زیاتر مێشکی منداڵ ئاڵۆز دەکات، نەك فێری ئینگلیزییەکە نابێ، بەڵکو نووسین و خوێندنی کوردی و تێگەیشتنی لە بیرکاری و زانستەکەش لای ئەستەم دەبێ. گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ئامادەکاری پێویستە، کەلوپەل و شوێن و هۆکارەکانی فێرکردن و راهێنانی مامۆستای پێویستە، واتە ناکرێت بە بڕیارێکی خێرا و لە ناکاو لە شەو و رۆژێکدا سیستمێك لابدرێت و یەکێکیتر دابندرێ و

**ئەگەرچی ئینگلیزی زمانی زانستە و سەرچاوەی زۆرە، بەڵام پێویستە بەهایەکی تەواو بدرێتە زمانی کوردی و کۆمەڵێک وانەی دیکە بە زمانی کوردی بخوێندرێن**

**ئەم سیستەمە ئینگلیزییە لە قوتابخانەی حکوومی زۆر باشە بۆ هەژاران و هیوادارم حکومەت هاوکاری زیاتریان بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر ئەم سیستەمە و منداڵەکانی ئێمەش وەک منداڵی دەوڵەمەندەکان فێری ئینگلیزی بن**

**منداڵی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت زۆرینەیان لە قوتابخانە حکوومیەکان دەخوێنن و ناتوانن برۆنە قوتابخانەی ئەهلی، بۆیە سیستمی ئینگلیزی لە قوتابخانەی حکوومی سوودی زۆری هەیە**



ئامادەکاری بۆ نەکرێت . ئەنجامەکانی ئەمساڵی خوێندن بەپێی ئەو سیستمە ئەوەی بەندە تێبینیم کردووە لە قوتابخانەکانی مەخموور، لەبەر نەبوونی ئامادەکاریی پێویست و نەگونجاوی لە پەیڕەوکردنی بەئینگلیزیکردنی بازنەی یەکی قۆناغی خوێندن، ئەنجامەکان مژدەبەخش نین و قوتابیش سوودی لێ نەبینیوە. بۆیە دەکرێت لیژنەیەك پێکبهێندرێت هەڵسەنگاندنێك بکات لە نێو قوتابییەکان و بگرە مامۆستای بابەتەکانیش، ئینجا لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بەدەر دەکەوێت کە گەڕانەوە بۆ سیستمی پێشوو و خوێندنی تەواوی وانەکان لە بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی بە زمانی دایك زۆر کاریگەرتر و باشتر و گونجاوترە.» گوتیشی: «پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی داهاتوو ئەم سیستمە هەڵبوەشێنێتەوە و بە هەمان سیستمی پێشوو بە زمانی کوردی وانەکان بخوێندرێن و ئەگەر زمانی ئینگلیزیش وەك وانەیەك دانرا، بە شێوەیەك بێت کورت و پوخت بێت و ڕەچاوی تەمەنی منداڵان بکرێ و وانەیەکی لاوەکی و هەڵبژاردەیی بێت، نەك چەسپاو.»

مامۆستا و توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە بڕوای من هەوڵدان بۆ بە نموونەییکردنی قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی بتوانرێت باشترین خزمەتگوزاری لە بواری پەروەردە و فێرکردن پێشکەش بکرێت لە کوردستان، هەوڵێکی گرنگە، ئەوەی ئێستا و چەند ساڵێکە هەوڵی بۆ دەدرێت کە هەندێ لە قوتابخانەکان بکرێتە نموونەیی، یان ئینگلیزی و خوێندکاری نموونەیی پێ بگەیەنێت، ئەویش هەوڵێکی گرنگە، بەڵام ئەمە بۆ خۆی جیاکاری لە نێوان قوتابخانەکان و خوێندکارانیشدا دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان بە شێوەیەکی تەواو یارمەتیدەر نەیتوانیوە هاوکار بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستمی بەنموونەییکردن و بەئینگلیزیکردندا خۆی بگونجێنێت و زۆرجار کێشەی دروست کردووە، چونکە تا ئێستا هەوڵی ئەوە هەیە ساڵانە چەند خوێندنگەیەك بکرێتە نموونەیی، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لەگەڵ ئەو هەوڵەدا دەبێت سیستم و ژینگەی قوتابخانەکانیش هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەم سیستمە بە تەواوی لەگەڵ سیستمی پەروەردەی وڵاتی ئێمە یەك بگرێتەوە.».

**کچەکەم لە قوتابخانەی ئینگلیزی بوو، پۆلی یەکی زۆر بە زەحمەت بڕی، چونکە مامۆستاکانیان لە ئاستی فێرکردنیان نەبوون، کە بووە پۆلی دوو بە ناچاری گواستمەوە قوتابخانەیەکی کوردی**

هێمن عومەر، مامۆستایە و ڕایوایە: «سیستمی بەنموونەییکردن، یان بەئینگلیزیکردنی خوێندن سیستەمێکی زۆر خراپە، چونکە منداڵی کورد لە زمانی دایکی دادەبڕێنێت، جگە لەوەش منداڵەکە نازانێت خۆی فێری وانەکە بکات، کە زمانی ئینگلیزییە.» گوتیشی: «من یەکێکم لەوانەی منداڵی خۆم نەبردووەتە بەر ئەو خوێندنە و دڵنیاشم لەوەی ئەوانەی بردوویانە زەرەریانە. دەکرێت لە زانکۆ یان ئامادەیی بە خواستی قوتابی خوێندن بە تەواوی بگۆڕێت بۆ زمانی دووەم، بەڵام لە قۆناخی بنەڕەتی غەدرێکی گەورەیە. چونکە ئەگەر وا بڕوات دوای چەند ساڵی دیکە نەوەیەك لە کوردستان پێ دەگات کە زمانی کوردی نازانێت، ئەوەش ئەگەر زۆر بێت، داهاتووی میللەت و زمانەکە دەخاتە مەترسیەوە، هیچ میللەتێکیش خۆی وا بە ئاسانی نادۆڕێنێت. زۆرێك لەو دایك و باوکانەی منداڵیان بردووەتە ئەهلی هۆشیارییان لاوازەو تەنیا پارەیان هەیە، ئەوانەشی هۆشیارن ئاگاداری ئەوەم زۆربەیان منداڵەکانیان لە خوێندنی ئینگلیزی دەردەهێناوە. چارەسەری ئەو کێشەیەش لای وەزارەتی پەروەردەیە، کە ڕێکی بخاتەوە و پێویستە منداڵی کورد نەبێت بە ئامێر و تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت، دەبێت بڕیارەکان زانستی بن و ڕاوێژ بە خەڵکی پسپۆڕ بکرێت».

**لە کوردستان سیستەمی باش هاوردە دەکرێت، بێ ئەوەی پێشتر زەمینەسازی بۆ کرابێت و ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەو سیستەمە ڕەخسابێت**